تەوەری سەرەکی پرسیارەکە سەبارەت بە سروشتی مرۆڤ: ئایا مرۆڤ سروشتێکی جگیری هەیە و گۆڕانکاریيە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکان تەدەپەڕێنێت، یان بەردەوام لە لایەن بونیادی پێکهاتە مەعریفی و دەسەڵاتەکانەوە وێنا دەکرێت؟
وەامی چۆمسکی : پارێزگاری لە بوونی سروشتێکی زگماکی مرۆڤ دەکات، کە بە تایبەتی لە فاکتۆتی زمان و داهێناندا دەردەکەوێت. هەروەها چومسکی پێیوایە بنەما ئەخلاقیەکان گشتگیرن
وەامی فۆکۆ : چەمکی جەوهەری جگیر ڕەتدەکاتەوە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە مرۆڤ بوونەوەرێکی مێژووییە کە لەلایەن سیستەمی گوتار و زانین و دەسەڵاتەوە وێنا دەکرێت . بەڵام فۆکۆ پێیوایە بنەما ئەخلاقیەکان ڕێژەیین .
ئەم مشتومڕە بە یەکێک لە گرنگترین بەریەککەوتنە فیکرییەکانی سەدەی بیستەم دادەنرێت، چونکە جیاوازییەکی بنەڕەتی لە نێوان عەقڵانیزمی ڕۆشنگەیی ئەمریکی و مێژووگەرایی و بونیادگەری فەرەنسیدا ئاشکرا دەکات.
تەوەرە سەرەکیەکان
1 – لەسەر زمان و داهێنان
چۆمسکی : دەڵێت توانای دروستکردنی ڕستەی بێ وێنە تەنها بە فەربوون یان ژینگە ناتوانرێت ڕوون و شیبکرێتەوە ، بەڵکو پێشگریمانە دەکات کە بونیادێکی دەروونی زگماکیە .
فۆکۆ : وەامی دەداتەوە کە ناتوانرێت ئەم بونیادە بە دابڕان لە چوارچێوەی مێژووییی و مەعریفی خۆی تێبگەین.
2 – سەبارەت بە دادپەروەری و سیاسەت .
چۆمسکی: پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە بیرکەی دادپەروەری ڕەگ و ڕیشەی لە سروشتی مرۆڤدا هەیە و پێوەرێکە کە دەتوانرێت لە ڕێگەیەوە ڕۆخنە لە سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی بگیرێت.
فۆکۆ : دەڵێت دادپەروەری بیرکەیەکی ئەبەدی نییە، بەڵکو بەرهەمێکی مێژووییە کە پەیوەستە بە پەیوەندییەکانی دەسەڵاتەوە.
3 – سەبارەت بە ئازادی و داهێنانی مرۆڤایەتی .
چۆمسکی: دەڵێت ئازادی لە سروشتی مرۆڤدا هەیە و دەبێت بناغەی پێڕەوی سیاسی بێت.
فۆکۆ: دەڵێت ئەوەی ئەمڕۆ پێی دەڵێین ئازادی، هەمیشە بە گوتارەکانی دەسەڵات دیاری دەکرێت و مرۆڤ لە دەرەوەی ئەو تەوانە بوونی نییە.
4 -جیاوازی میتۆد

چەمسکی : سوود لە زانستی سروشتی و زانستە وردەکان وەردەگرێت، باوەڕی بە بوونی یاسا گەردوونییەکان هەیە لە سروشتی مرۆڤدا .
فۆکۆ : لە شوێنوارناسی نەسەبەوە (ئارکەلۆژیای جینالۆژی)سوود وەردەگرێت و دەیەوێت مرۆڤ لە گۆڕینی فەرمانگانی مۆژوویی دەردەکەوێت کە ملکەچی یاسایەکی جێگیر و جۆهەری نین.
[[ئەنجام]]
مشتومڕەکە "لەسەر سروشتی مرۆڤ" هووبەووبوونەوەیە لە نێوان دوو جیهانبینی:

- هوانگێیەکی جۆهەرگەرایی (چەمسکی)، کە باوەڕی بە بوونی سروشتێکی جێگیر هەیە کە داهێنان و دادپەروەری هوون دەکاتەوە.
- هوانگێیەکی مۆژوویی (فۆکۆ)، کە پێیوایە مرۆڤ تەنها لە ڕێگەی گۆڕینی بونیادی گوتارو دەسەڵات پێناسە دەکرێت.
گرنگی کتێبەکە لەوەدایە کە دوو هەڵبژاردەی دژ بەیەکمان دەخاتە هوو:
- ئایا پێویستمان بە بناغەیەکی هاوبەشی مرۆیی هەیە بە بنیادنانی پەیژەیەکی ئازادیخوازانە؟
- یان هەر هەوڵێک بە پێناسەکردنی سروشتی مرۆڤ هیچ نییە تەنها فەرمانگی نوێی دەسەڵات و مەعریفەیە؟
چەمسکی باس لە یاخیبوونی مەدەنی، یاسای نێودەوڵەتی، ئیمپریالیزم و ئەو بۆهایانە دەکات کە پاڵنەرن بە ململان دژ بە دەسەڵات. لە کاتێکدا فۆکۆ لەدوان لەسەر ئایدیالی چەمسکی "دادپەروەری ئایدیالیزم" دەدات، جەخت لەوە دەکاتەوە کە ململانێ دەبێ لە ژێر چەتری شێوەدا ئەنجام بدرێت نەک دادپەروەری . [پرۆلیتاریا] شێ بە ئەوە دەکات بیباتەوە، نەک لەبەر ئەوەی دادپەروەرە. هەروەها فۆکۆ جەخت لەسەر گرنگیدان بە هەڵەی ئەو دامەزراوانە دەکاتەوە کەوا خەیان وا نیشان دەدەن کە سەربەخۆن لە دەوڵەت، هەرچەندە بە پاراستنی دەوڵەت دروستکراون. نموونەی ئەمەش دەهێنێتەوە: دامەزراوەی پەروەردەیی، دامەزراوەی بانگەواز و خۆشگوزەرانی، دامەزراوەی نوشداری دەروونی.
ئەم گرژییە فەلسەفییە کاریگەریی بەردەوامی مشتومڕەکە لە ئەمڕۆدا هوون دەکاتەوە، بەو پێیەی ئەو پرسیارانەی کە وروژاندیان لە باسە فەلسەفی و سیاسییە هاوچەرخەکاندا تا ئێستاش بە زیندووی ماونەتەوە.

زمانی داشتنی هەوا لە میدیاکاندا.. سەدیق سەعید وەندزی

لە هەرمی کوردستاندا، لە ماوەی سی و چوار ساڵی ڕابردووی دەسەڵاتی کوردی، هیچ هەوڵێك نەدراوە بۆ یەکخستن و بەرجەستەکردنی زمانی فەرمی دەوڵەت، یاخود زمانێکی ستاندارد کە لە نووسین وداشتن، وەك زمانی هاوبەش و یەکگرتووی کوردی بۆلایەنی کەمەوە لەوبەشی کوردستان پەیڕەو بکرێت. لەو ڕوانگەیەوە دەبینین کە زمانی داشتن و نووسین لە دەزگا ڕاگەیاندنەکان و بەاوکراوەکانی ئەمدا، زمانێکی یەك جۆر و یەك شێوە نییە. لە ڕاستیدا یەکخستنی زمان بۆ پلەی یەکەم ئەرکی حکومەتە کە لە هێگەی نەوەندە ئەکادیمییەکان و لە چوارچێوەی پلانی فەرهەنگی کاری لە سەربکات، یاخود چەندین هێنمایی و ڕاسپاردە بۆ مەبەستی یەکخستنی زمانی نووسین و دەربڕین لە ڕاگەیاندنەکاندا دەربکات، بەڵام کاتێ گرنگیدان بۆ زمان لەپلانی حکومەت نابێت، ئەوا بەرپرسیاریەتییەکە دەکەوێتە ئەستۆی دەزگا ڕاگەیاندنەکان کە کار بۆ بە ستانداربوونی زمان بکەن.
مەرج نییە یەکخستنی زمان هەرتەنها بۆ بەیاری سیاسی بێت، بەڵکو دەتوانرێت لە هێگەی نووسینەوە زمانی هاوبەش بێتە کایەوە. شکسپیری نووسەری گەورەی ئینگلیز و جیهان، لە ڕۆژی بەرهەمکانییەوە هێشکی هەرە گەورەی لە پێشخستن و بە ستانداربوونی زمانی ئینگلیزیدا بینی، یاخود زمانی فەرمی ئێستای فەرەنسا، لە بنەڕەتدا زمانێکی زۆر لەکالی و بچووك بوو کە لە خواروی پاریسەوە، لە ناوچەیەکی جوگرافی زۆربچووك بەکار دەهات، کەچی دواجار بووە زمانی فەرمی وڵات، بەڵام دەزگاکانی ئەمە و بگرە بەشێکی نووسەرانیش، بە هەی نووسینەکانیانەوە ئەوندەی تر زمانی کوردی پڕپووترو وەرانتر

دەکەن، بەو پێیەی کەمترین یاخود هیچ شارەزایەکیان لە سەر زمان و بونیادی ڕێزمان و داشتنی ڕستە نییە. ئەمە وەڵامی ئەو بووننی زانیاری لە سەرئاماژە و ماناکانی وشە، چونکە مەرج نییە ئەوەی نووسەربێت یاخود چەند کتێبێکی وەرگێڕابێت ئیدی شارەزایی لە هەموو کەس لە بەرکی زماندا هەبێت. لەو سەنگەیەوە، لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن، هەواڵ هەرتەنها داشتنی ڕستە و چەند دەربڕینێك نییە، بەڵکو گەیاندنی ماناو پەیامە. کاتێ بە وردی سەرنج لە زمانی هەواڵ و داشتنی هەواڵێش دەدەین لە بەشێکی زۆری میدیاکاندا، ئەوکات درك بەوە دەکەین کە لە بەرامبەر چ وەرانکاریەکی زمانی کوردی داین. بە داخەوە بەشێك لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە بە لە بەرچاوگرتنی هیچ بنەمایەکی واتایی و زمانەوانی هەواڵ دادەڕژن، بە بە ئەوەی زانیاریی وردیان لە ڕووی ناوەڕۆکی هەواڵەکە و پەیوەندی هەواڵ بە ڕووداو، یان ژینگەی کەڵەپاتی و ژیارییەوە هەبێت. میدیاکانی ئەمە، زۆرجار هەڵەی هێندە زۆق و نابابەتی و زمانەوانی دەکەن، کە تەنگە لە ڕووبەڕ کەڵەپاتیەکەدا و لە نەو پەیوەندی میللی و جەماوەریدا، ئەم جۆرە هەڵانە نەکرێن. بە نموونە: دەیان جار گوێبیستی ئەوە بووم کە ڕۆژنامەنووسێك لە میانەی ڕووماڵی خنکانی هاووڵاتییەکدا، گوتوویەتی:(خەشبەختانە تۆرمی ناوبراو دەزرایەوە !) ئەم ڕۆژنامەنووسە، بە تێگەیشتنی خۆی بەیە خۆشحاڵی دەردەبڕێت، چونکە دواجار تۆرمەکە دەزراوەتەوە، واتا ئەوەی لێرەدا بە خەیاڵی دادەت تۆرمەکەیە، نەك ئەوەی مرۆڤێك لەو نەوەندەدا بە داخەوە مردووە و مردنیش ڕووداوێکە، پەویستی بە هاوسۆزیی مرۆیی، دەتەنگی و هاوبەشی خەم و نیگەرانییەوە هەیە و نابە مردنی خەڵکی ئاسایی ببێتە جێی دڵخۆشی مرۆڤ! یاخود دەنووسن:(تۆرمی ناوبراو بە مردوویی دەزرایەوە) تۆرم خۆی ئاماژەی ئەوەیە کە مردووە، یەکەك بمرێت هەردەبە تۆرمەکەی بە بە گیان مابێت، مەگەر کەسی زیندوو تۆرمەکەی بە زیندووی لەوە دەکەوێت؟! یاخود دەپرسن (چەن مامەڵە لە گەڵ گەرما دەکەی؟) ئەوانە وا دەزانن گەرما کاڵایە تا سەودا و مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. لە ڕاستیدا گەرما شتەکی بەرجەستەیی نییە تا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت ! مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ گەرما ناکات، بەڵکو خۆی لە دەپارێزی. ئەمە بەشێوەیەکی نا بەرجەستەیی بەرگەرما دەکەوین و هەستی پێ دەکەین، بۆیە دەبە بپرسین چۆن خێت لە گەرما دەپارێزی؟ مەگەر لە زستانیش ئەو پرسیارە ناکرێت چۆن خێت لە سەرما دەپارێزی؟ تا ئێستاش زۆربەی هەرە زۆری دەزگا ڕاگەیاندنەکانی ئەمە، شوناسی کەڵەپاتی و پیشەیی چین و توێژەکان لە یەکتری جیا ناکەنەوە، دەنووسن:(چینی قوتابی، چینی مامۆستا، چینی ئافرەتان، چینی پارێزەران و پزیشکان) لە کاتێکدا لە بنەڕەتەوە کەمەگەر دوو چینی

هەیە ئەوانیش (چینی پرلیتار و چینی سەرمایەدارن) و ئەوانی تر هەموویان تووژن، بۆیە دەبێ بگوترێ تووژی لاوان، خوێنکاران، مامۆستایان، پزیشکان. تەنانەت ئەو کەناڵەشی کە گوایا خەڵکی پێ یەکەمی بە کابرا، زەرجار هەڕەشەی زمانەوانی و بابەتی وا دەکات، کە ئاگەیاندنە زەر لەکال و ئاسایی‌کانیش نایکات! بۆ نموونە دەنووسن: (100دۆلاربۆرانبەرئەوندە دینارە) بۆرانبەر چ مانایەکی لێ وەستایە هەیە ؟ چەن سەد دۆلار، بۆرانبەر ئەوندە دینارێیە؟ ئایا هەردووکیان بۆرانبەر یەکتری ئادەگرین؟ بۆراوردیان دەکەین؟ کێشی قەبارە و پێوانەیان دەکەین؟ بەگومان دراو بەهای هەیە، بۆیە دەبێ بنووسن: (بەهای سەدی دۆلاری ئەمریکی یەکسانە بە سەد هەزاردیناری عێراقی) چونکە پارە، نرخی کاڵاکان دیاری دەکات و خەڵی نرخی نییە، بەڵکو بەهای مادی هەیە . بەشێکی زەر لە میدیاکان، تا ئێستاش پلەی سەربازی ئەفسەران لە یەکتری دەرناکەن. پلەی ئەفسەرەکە لیوایە، دەنووسن عەمید، عەمیدە دەنووسن عەقید، فەریقە دەنووسن فەریقی یەکەم ! سەیر لەوەدایە ئەم هەڵانە گەلەك جار لە کەناڵە ئاسمانییەکان دەکرێن، کە پێخشیان بە ملیۆنان مرۆڤی دەرەوە دەڵێوات ! کە ئەمەش لە ڕووی میدیا و زمانی کوردی بە گشتی خۆشەکی گەورەیە. ئەگەر نموونەی تر بهێنمەوە، ئەوەندەن هەنگە بە وتارەك تەواو نەبن. بە داخەوە کارکردن لە ئاگەیاندنەکان و پیشەی ڕۆژنامەنووسی بووە بە دیاردە. لە کاتێکدا دەبێ ڕۆژنامەنووس ئەنسکلۆپیدیا بێت، بە ئەوەی نەکەوێتە ئەو هەڵانەی لە سەرەڕ ئاماژەمان پێداون. دەبێ ئەوەندە پاشخانێکی ڕۆشنبیری گەورەی هەبێت، کاتێ سەرنجی پلەی سەربازی ئەفسەرەك دەدات، بزانێت پلەکەی چییە؟ دەبێ نرخ و بەها لە یەکتری جیا بکاتەوە! بزانێت مامۆستا تووژێ نەك چین ! ئەمەش ئەرکی دەزگا ئاگەیاندنەکانە، کە کەسانێکی ڕۆشنبیر، زمانزان، پێ زانیاریی لە میدیاکاندا بکەنە ڕۆژنامەنووس و پێیامنێر، بۆ ئەوەی لە کاتی ڕووماڵی هەواڵەك نەکەونە هەڵەوە و یان بای ئەوە ڕۆشنبیریی گشتیان هەبێت، بزانن هەواڵ و زمانی هەواڵ چۆن دەگۆڕێت، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە، گرنگە دەزگا ئاگەیاندنەکان، زمانزانەکیان هەبێت و وەك فلتەری زمان و داشتن، هەواڵ و نووسینەکان، هەبسەنگێنێت و لە ڕووی واتایەوە، لەکدانەوە بە داشتنی ڕستە و دەربڕینەکان بکات، بەو مانایەی هەر تەنها شەوەی زمانیان لە ڕووی ڕێزمانییەوە بەڵاوە جێی مەبەست نەبێت، بەڵکو ناوەڕۆکەکەی چۆن ئاراستە دەکرێت، ئەویان گرنگە.

*ئەم بابەتە لەڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە (9485) لە 27/ 8/2025 بڵاوکراوەتەوە.

دەرچوون لە پەیمانی خوداو.. نوسینی / جەمال نوری

لەدایک بوونی مرۆڤکی پاک لەرەحمی گەردووندا

تابووتی پەیمانی خودا. "تازەترین رەمانی کوردیە لەم ساڵدا بلاوکرابەتەوو بەزمانکی هیجگار جیاواز لەهەموو ئەو ڕەمانە کوردیانەی کەلەم سالانەدا بلاوکراونەتەوە. ئەم ڕەمانە لەلایەن نووسەر سەلاح جەلالەوە نوسراوەو بلاوکراتەوە، کەلەسەر ئاستی زانکۆو ناوەندە ئەکادیمیکانەوە خوێندنەوەی جدی بۆ کراوەو دەچێتە خانەی ڕەمانکی زانستی و تێگەیشتن لە زیرەکی دەستکردو گیان و پشکنینی نووسەر لەناو فەزای ئاڕەزی گەردوون و کەشفکردنی ئەو کائینە ئاڕەزو رامنکراوەی کەپەی دەوترێت "مرۆڤ". (سەلاح جەلال) وەک نوسەرکی جدی لەڕێگای کەشفکردنی مرۆڤەوە لەو برسە ئاڕەزو داخراوانە دەدات کە ئەستاشی لەسەر بە، هەموو ئەو ژانرانەی مرۆڤ کاریی لەسەر کردووە وەک میتەلۆژیاو ئەفسانەو زانستی فینە مینەلۆژیاو جیهانی میتافیزیک نەیانتوانیوە تەواوی کەدەکانی فەلسەفەی مەرگ و ژیان بکەنەوە، کە سەلاح جەلال لە ڕەمانی تابووتی پەیمانی خودا دا زۆر بەجوانی کاری لەسەر کردووەو توانیویەتی ئەو گرێ داخراوەیەی مەرگ بکاتەوە کە فەلسەفەکانی دنیای مرۆڤایەتی لە تەمتومان و مەدو جەزردا ن لێگەلیدا. "سەلاح جەلال "گرێ ئەو کۆرەیەی مەرگ لە چرکەساتی مەرگی هابیل بەدەستی قابیل ئاوەلا دەکات و ئازایانە وەک کەسکی سەرکەش دەست دەبات تەرازووی گەردوون بەدیدگایەکی نوێوە سەنگ و پەوانەی مرۆڤکان دادەڕێتەوە بەو مەرجەی مرۆڤ خەی بیەوێت بگەڕێت بەدوایی هەوەشانەوەی هاوکێشەی گەردوون یا دیزاینکردنەوەی مرۆڤ لەناو ئەو بوونەوەرانەی کەلە گەردووندا هەدەسوڕێنرێت. بەتایبەت لە جیهانی ئەمڕەی تەکنەلۆژیاو ژیری دەستکرد کە هەشمەندی مرۆڤکان پەراوێز دەخات و جوڵەو ئاراستەکردنی مرۆڤکان لەقاڵب دەدات. نوسەری ڕەمانکە وەک مرۆڤکی بەئاگا بەهەموو ئەو دیوارو تەنانەی فەزادا ڕەتدەبەوە بۆ چنگ کەوتنی ئەو وەڵامانەی بەدەڕژایی مێژووی مرۆڤایەتی بۆ بووە بە مرۆڤکان .وەک لەناو هەموو دەقێ ئاینێ ئاسمانیکاندا ڕوون نەکراونەتەوەو گیان بەدواشیدا لەخانەی تەکفیردا بینراوەتەوە کە

کۆتایەکانی بە مەرگ هاتوە، ئالەرەوییە نووسەر دەست بە مەرگ دەبات تا لە قۆناغێکی و تێگەیشتنی مەعریفیەوە شیکارو سەلماندن بە مەرگ بکات کە لە ئەزەلەوە بە شاردنەوەی توانستەکانی مرۆڤ هاتۆتە بوون، هەموو دەقێك، تەنانەت ئەگەر هیچ خوێنەرێکی نەبێت، لە ساتی نووسیندا خوێنەر دەکاتە گریمانە. لە بنچینەدا نووسینی دەق بەبێ گریمانەکردنی خوێنەر مەحاڵە. بەم مانایە، دەق بەبێ خوێنەر بوونی نییە. خوێنەر هەمان «هاوەڵ»یەکە کە گوتاری نووسەر دەخوێنێتەوە. کەواتە، هەموو دەقێك پێشوەخت بە یەك هاوەڵ دەنووسرێت، و «هاوەڵیەتی» دەکاتە گریمانە؛ و چونکە نووسەر لە ساتی نووسینی دەقدا نازانێت خوێنەرەکەی کێیە، دوژمنە یا دۆست، فەزیلەتمەندە یا شەڕانگێز، خواپەرستە یا ئاتەئیست، هەشپەستە یا سپی پێست و هتد، هاوەڵیەتیی ئەو لەگەڵ خوێنەرەکەی، هاوەڵیەتییەکی ڕاستەقینە و فەزیلەتمەندە. نووسەری هەر دەق، هەر دەمان و شیعرێك، تەنانەت دەقی زانستیش، بە دەربڕینی دێریدا، بانگەوازی «ئەی هاوەڵیانی من» دەکاتە پێشگریمانە، و دەقەکەی بەم بانگەوازە دەست پێ دەکات. لە ڕاستیدا، نووسەر لە هەر ڕستەیەکی دەقدا، هاوەڵیەتی بە خوێنەرەکانی پێشنیار دەکات. بەڵام، بە باوەی دێریدا، هاوەڵیەتیی خوێنەر لەسەر «سوودمەندی» وەستاوە. بەم پێیە، ئەگەر نووسین بانگهێشتکردن بێت بە هاوەڵیەتی، کەواتە دەق بەرهەمی شکستی چاوەڕوانیی نووسەرە لە دەزینەوەی هاوەڵیەکی ڕاستەقینە لە جیهانی دەرەوەدا. [illegible] «[illegible]» [illegible] وەك بڕی کە ئەگەری هاوەڵیەتی پاش غیاب و مەرگی هاوەڵ دێتە دی. ئازاری لەدەستدانی هاوەڵ ئەگەرەکانی هاوەڵیەتی دەکاتەوە. هاوەڵیەتی هاوکات هەڵگری دووری و نزیکی، حزوور و غیاب، جیایی و پێکەوەبوون، و قسەکردن و بێدەنگییە. بەر لە جیایی و لەدەستدانی هاوەڵ، دابڕان دەستی پێکردووە؛ دابڕانێك کە بە هەڕەوی قووبوونەوەی هاوەڵیەتیدا تێپەڕ دەبێت. حزووری کەسێك بەردەوام دەبێت کە ڕووبەڕووی لەدەستدانی ببینەوە. ئەگەر، مانا و دەرکەوتنی

هاوڕێیەتی هەرگیز بەدی نایەت، مەگەر ئەمەی کە مرۆڤ ڕووبەڕووی، وەک دۆریدا دەڵێت، «پرسیارێکی برینتەکەر»، «پرسیارێك دەربارەی برین» ببێتەوە. دۆریدا دەڵێت: «هیچ هاوڕێیەتییەك بەبێ ئەگەری برین بوونی نییە.»*** هەموو هاوڕێیەتییەك کۆمەڵێك زەخم و برینی شاراوەیە. * تەنانەت دەتوانین بڵێین کە هەستی خۆندنەوە، هەوڵێکی ناوەکییە بۆ دۆزینەوەی هاوڕێ؛ هاوڕێی نووسەرێك کە، بەبێ ئەوەی کە بزانێت خوێنەرەکەی کێیە، لەگەڵ خوێنەردا هاوڕێیەتی دەکات* هەرلەبەر ئەمشە نووسەر خۆی نەبەستووتەوە بە کارەکتەرەکەوە، لەناو ڕەمانەکێیدا بەڵکو لەلای گرانە ڕەشی کاراکتەر دیاری بکرێت، چون پێی وایە کەسایەتیەکانی ناو ڕەمانەکەی لەیەک کەسایەتی و کاراکتەرێکدا وێنا ناکرێ بەڵکو پێویستی بە چەندین کاراکتەری جۆراو جۆر هەیە بۆ تەوزیفکردنی ڕۆڵی کاراکتەرەکانی وەک کاراکتەری تەکنەلۆژی و بایەلۆژی و ئاسایی و نیوە مرۆف نیوە بوونەوەر و تەنانەت جنۆکەو شەیاتینی .بەدیدەکرێت لەم ڕەمانەدا ئەمش بە خاڵێکی جیاکەرەوەی ئەم ڕەمانە دادەنرێت لە ڕەمانەکانی تر لە م سالانەی دوایدا کەنوسراون . بۆئەوەی لە ئەندێشەو فیکرو مەعریفەی بیرو ئایدیای (سەلاح جەلال)تێبگەین لەڕێگای ڕەمانەکانیەوە، ئەوا دەبێت خوێنەر پاشخانێکی فیکری و مەعریفی خۆی هەبێ تاوەکو لە دنیاو فەزای نوسینی (سەلاح جەلال) تێبگات بۆتایبەتی بۆ تێگەیشتن لە ڕەمانی (تابوتی پەیمانی خودا) سانا نییە ئەوەی بەر ئەم ڕەمانە دەکەوێ بۆتەواوی هەزمی ڕەمانەکە بکات و بگاتە ئەوەی کە بزانە نوسەری ئەم ڕەمانە بەدوایی چیدا وڕێو دەیەوێ لە ڕێگای کام وێلامی پرسێکی کێنونی و فەلسەفی و بونیەویەوە ئەو پرسیارە بوروژێنێت لەسەرتاوە هەتاوەکو ئیستاشی لەسەر بێت مرۆقایەتی نەیتوانیوە وڵامی ئەو پرسیارە ی نوسەر (سەلاح جەلال)بداتەوە، دەربارەی گەردوون و بوون و ڤەلسەفەی مەرگ و ژیان قیامەت و نوبوونەوە لەم فەزایەی ئێستاماندا بۆئەوەی بۆتەواوی لە زمان و ئایدیای نوسەر تێبگەین بۆ نوسینی ئەم ڕەمانەی دەبێ خوێنەر ئاگایی هەبێ لەسەر چونێتی و چەندێتی ئەم کۆنەو هەسارەکان و ئەو یاسایەی بەشەوێکی تەکافوئی ئەم فەزایەی لەهاتوتە بوون واتە دەبێ مەعریفەی فەلەکی و جوڵەو سوڵانەوە و کات و شوێن زانستی گەشە و هەڵکاریی و ریازیات تێبگەین، پاشان زانیاریمان هەبێ لەسەر زانستی میتەلۆژیاو ئەفسانەو ڕۆحی ئایینێ ئاسمانییەکان لەسەر هزری مرۆڤ هەموو ئەمانە دەبنێ زەخیرەیەکی دەوڵەمەند بۆ تێگەیشتنمان لە ڕەمانی پەیمانی تابووتی خودا و فیکرو مەعریفەی پشتی ئەم ڕەمانە تێبگەین سەلاح جەلال لەم ڕەمانەیدا دەیەوێ پەمان بێت بەهەی ئەم هەموو کێشمەکێش و ململانێ خوێناویانەی بەناوی دینەوە ئەنجام دراوە هیچ کام لەو

کەسانێی شوێن کەوتەی ئایینێ کان بوون. بۆ ئاستی بەدوای خودادا نەگۆڕاون ، بۆیە نوسەر دەیەوێت بڵێت: مرۆڤایەتی تائێستا بەدوای خودادا نەگۆڕاوە، خۆ ئەگەر بیەوێ بەدوای خودادا بگۆڕێ دەبێت بگەڕێتەوە سەر (زەردەشت و ئاهورام) کە مرۆڤ لەوێدا لەهەموو بوون و کەینونێی خۆی تێدەگات کە کتلەیەکە لەوگەردو گەردیلە هەوایی و خۆڵی و ئاگریی و ئاوەوە هاتۆتە بوون ئەمانی پەیمانی تابووتی خوددا کەلە مێژە بەشەریەت وەک بەدوایی ئەو تابووتدا کە پەیمانی خودای تێدایە. بۆتایبەت جولەکەکان بەجدی وەک بەدوای ئەم تابووتدا، وە تەنانەت ئاینزاکانی تریش دەستیان بە سوچێکی ئەم تابووتەوە گرتووە تەنها کوردنەبێت کەوەک کەلارێک بەدەوری تابووتکەوێیە کەلارێیەکە لەوێدا بەئام خۆشبەختن کە دەستیان بە تابووتکەوە نیە و توشی تاعوونی دەسەڵات و هێز و شەڕ نەبوون لەبەرئەوەی ئەو تابووتە تەنیا تاعوونە، سەلاح جەلال لە میانەی ئەم ئەمانەدا ئەوە ئاشکرا دەکات کە کەمەنگای مرۆڤایەتی توشی کۆشێیکی گەورە بۆتەوە کە بەدەستی خۆی بۆتە هۆی بە دەسەلاتکردنی خودی مرۆڤ. بەهۆی ئەو زیرەکی دەستکردەوە کە ڕەبۆتکان هەیانە و جەنگای مرۆڤ دەگرنەوە بە جۆرێک کەئیتر شتێک ناماننە بە مرۆڤ خۆی تیا بدزێتەوە، تەنیا ئەو مرۆڤە پاک و میهرەبانانە نەبێت کەدوورن لە ڕق و کینەو پیسی ،دڕووست بوونی مرۆڤکی واش کاتێک ئەبێت کە دنیا زەر شەڕ و ناخۆش بێت و ئەو مرۆڤە لەو ناخۆشیەوە هیوا و بریاری ڕاست و جوان بدات و خۆی ڕووناکی بدزێتەوە و کامەڕان بێت. لە کۆتایی ڕەمانەکەدا.کە جەماعەتی سەر هەسارەکەو جەماعەتی ئەراپلان کە چاودێری ئەکەن و بەدوای ئەو ڕەحە پاکەوەن بەدوای ئەو فەتەناتەوەن کە دڕووست بێت بەو ئومێدەوەن کە مرۆڤکی وا دڕووست بێت . ئەوەی مایەی گرنگی پێدانە نوسەر لەم ڕەمانەدا بەجوانی ئەڵێی کورو خاک و نیشتمانەکەشی بەجوانی وێناکردوە و پەمان دەڵێ:- کورد هەرگیز نابێتەوە بە کەلارە چونکە ئەو ڕەحمەی کە چوار پارچەی کوردستانە و مرۆڤی لە زاوە.،ڕەحمەکە کە مرۆڤکی جوان و پاک و ڕەح بەرز ئەهێنێتە ژیانەوە کە زەر یەکتر قبوڵکردنی تیایە و فرە ڕەنگ بوونێ ریچواڵێک کە مرۆڤایەتی تیایدا پاک ئەبێتەوە نەک پیس.

لەپاشکەی ئەدەب و هونەری ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە 9486 لە ڕۆژی 18/8/2025دا بڵاوبۆتەوە.

سەر.. پشکۆ ناکام

[ئەگەر حاکمێکی عەسکەریت خستە سەرووی
دەسەڵاتێک بۆ ئاوەی حوکمی بیابانێکی گەورە
بکا لە چۆن ساڵێکا بۆ زەحمەت " لم " ئەدەزیتەوە.
،، میلتن فریدمان ،،]

....نە زەعیم صدیق مردوە و نە تراجیدیای شەست و سێ تەواو بوە ، شەست و سێ زەعیم صدیق لە حامیەی سلێمانی و بە فەرمانی بەعس دەیان کورد لەبەر ئاوەی دژی دەسەڵات بوون گوللە باران کران ، لە ئابی ئەمساڵیش [ئابی پڕ لە نەهامەتی هەر لە شانزەوە تا سی و یەک..] بە دەیان گەنجی کورد نەک هەر گوللەباران بێکو بە دەبابە و تەپ و هاوەن و درێین و ..هتد.. ئاگرباران کران ، شەست و سێ بەعس کردی و ئەمساڵیش سوسیال دیموکراتەکانی کوردستان.. زەعیم صدیق چۆن دبابەیەکی خستە باو شارەوە بێنام هیچ شوێنکیان بەردومان نەکرد ، بێنام دەبابەکانی ئاب لە یەک گێڕەک بە تەواوەتی دەست پارێزیان نەکرد ، زەعیم صدیق " نەیار"ەکانی خۆی و بەعسی بردە حامیە و لەوە گوللە باران کران بێنام سوپا و زەعیمەکەی ئاب " لالە زار "یان گێڕەی بە حامیە و وێرانیان کرد!! تەنانەت سوپاکەی ئاب هەر هەمان جل و بەرگی مەغاویریان لەبەرابوو وەک زەربەی سوپاکەی زەعیم صدیق کە خەڵکی سلێمانی تاترین یادەوەریان لە گێڕیا هەیە هەر لە شەست و سێوە تا ئابی ئەمساڵ و فیلمەکەش هەر بەردەوام ئەبێت..
لە زیندوو بوونەوەی زەعیم صدیق دوو کەپیمان بینی کە سەلماندنە بە زیدوو بوونی کولتوری بەعس لای هەر جلی مەغاویر لەبەرەک :
یەکەمیان لە قیدیەیەکی " حسن علی مجید " کە بە شەق بەربەتە چۆن دڵەکی شیعەی نیوە ووت و جوێنیان پێ ئێیا لەگێڕە قیدیەیەکی " قارەمان"!!ەکی سوپاکەی ئاب کە بەشەق لە کەڵەی کەمێڕەک دیلی نیوە ووتی سەر بە لالەزار ئێیا لەگێڕە چۆن جوێنەک کە دیارە دەرسەکی گرنگی پێوەردیانە...
دووەمیان بەعس و زەعیم صدیقەکان بە نەیارەکانی خەیان ئاووت تیرەریست ،سوپاکەی ئابیش لە ژێر ناوی دژە تیرەر بە زیاتر لە دە هەزار چەکدار پێلاماری لالەزاریان یاوە ، واتا قوربانیەکانی شەست و سێ و ئاوەی ئەمساڵ لەدیدی هەردوو دەسەڵاتی ئاوسا و ئێستای سلێمانی یەکەکە کە ئاگر لەگێڕما نەبیت تیرەریستی و ئاتاوە لەناوم بەریت !!...ەنگە جگە لە زیانی ئاخلاقی و ئینسانی و ویژدانی

کە لە سوپاکەی ئاب کەوتبە زیانکی ئابووریش بەر زەامەتکەیان کەوتبە ئەویش ئەویە کە ئەبە بەشک لە داهاتکەی " باشماخ " دانەن بە چاکردنەوی ماە و موکی ئەو خەکانی زەریان پگیشتوە بەام لەوانیە دروستکردنی پرۆژیەکی [شوقە] نیشتجە بوون لەسەر ئەرزکەی لالەزار ئەو گرفتیان بە چارەسەر بکا ، ئەم بەراورد کردنە بە ئایندەش ئەبە چونکە لیستی زەعیم ناو ترو تیایو لالەزاری تریشی تیایە کە هەریکەیان لە " سەریا " وەستاو…

جەزەف هاریس بچووکترین ئەندامی مەنسایە.. رەزا شوان

(جەزەف دیقید هاریس) کە کوەکی بەریتانی تەمەن دوو ساە، بوو بە بچووکترین ئەندامی (مەنسا). مەنسا گەورەترین و دەریترین کەمەیە لە جیهاندا، کە تایبەتە بە ئەو کەسانەی کە ئاستی زیرەکییان زەر بەرزە.
بەپەی هەواەکی ەژنامەی نیویەرک پەست، لەم کەمەیەدا، تاکەک دەبەت بە ئەندام کە ئاستی زیرەکی لانیکەم (١٣٢) نومرە بەت و لە (٢%)ی سەرەوەی ئەو کەسانەدا بەت، کە شایستەی پەیوەندیکردن بەت بەو یانە نوخبەیەوە.
دایک و باوکی جەزەف، دکتەر رەز و دکتەر دیقید هاریس ـ بەرتەل، هەردووکیان لە زانکەی (سانت ئەندرەس) مامەستان و تەمەنیان (٤٠ ساە). بەیاریانداوە ئاستی زیرەکی وردی کوەکەیان ئاشکرا نەکەن.
دایک و باوکی جەزەف، هەر زوو هەستیان بەوە کرد، کە کوەکەیان ەنگە پەویستی بە زیاتر لە ژینگەیەکی ئاسایی مندای هەبەت، بە پەرەپەدانی تواناکانی. پەیوەندییان بە مەنساوە کرد، بە ئەوەی داوای یارمەتی بە کوەکەیان بکەن، کە دەیانزانی "بەهرەمەندیی ناوازەی هەیە".
دوترەت جەزەف، هەر لە دایکبووندیەوە، هەمیشە لە پەش

تەمەنی خۆی بوو.
هەمیشەش دایکی زیاتر فریای کەوتووە و بڕیاری کۆتایی خۆی دابوو.

جاک هاریس بچووکترین منداڵ، کە لە تەمەنی دوو ساڵیدا، پەیوەندی بە مێنسا کرد و دوای سەرکەوتن لە تاقیکردنەوەکان، لە ڕۆژی (٢٣/ نۆڤەمبەر/ ٢٠٢١) بە فەرمی بوو بە بچووکترین ئەندامی مێنسا و ژمارەیەکی پەوانەیی نوێی وەک بچووکترین ئەندامی مێنسای بەدەستهێنا. لە تەماری (گینس) بە ریکەردی جیهانی تەمارکرا.
مێنسا سەرچاوەیەکی گرنگ بوو بۆ جاک. کارلێکی کەمڵایەتی لەگەڵ منداڵە بۆتواناکانی دیکەدا بۆ دابین دەکرد، هەروەها هاندانی هزریشی بۆ دابین دەکرد.
تاکەکان دەبێت توانای زانستیی ناوازەیان، لە کەمڵێک لە بواری هزرییەکاندا نیشان بدەن، وەک تێگەیشتن لە زمان و چارەسەرکردنی کێشەکان، بۆ ئاوەی شایستەی ئەندامەتی مێنسابن.
دایک و باوکی سەربەرزی جاک، ڕاز و دەیڤید هاریس، هیوادارن کە جاک لەگەڵ گەورەبوونی تەمەنیدا، بە شانازییەوە ئاوەک لەم دەستکەوتەی بداتەوە.
ڕازی دایکی جاک، لە لێدوانێکیدا بە یەکەردی جیهانی گینس، دەڵێت:"ئەمە شەرەفێکی نائاساییە و هەموو شانازییەکە بۆ ئەو دەچێت".
جگە لەوەی کە خەزانەکەی شانازی پێوە دەکەن، ئەندامەتی جاک دەرفەتێکی ناوازەی پێدەبەخشێت، کە لەنێو هاوتەمەنەکانیدا بێت، کە سەز و کنجکاوی هزرییەکەی بەرز دەنرخێنن.
دایکی زۆر باسی لە "کۆڵە بچووکە بەهرەمەندە نائاساییەکەی" کرد، هەروەها ئاماژەی بۆدا، کە جاک بە یەکەمجار لە تەمەنی (٥) هەفتەیدا خلبۆ و لە تەمەنی (٧) مانگیدا، یەکەم قسەی خۆی وت. لە تەمەنی ساڵ و نیوەکیشدا، بە دەنگەکی بەرز یەکەم کتێبی خۆی خوێندەوە. دەتوانێت بە ماوەی (١٠) خولەک بە دەنگی بەرز بخوێنێتەوە. دەشتوانێت لە یەک کاتدا، بە پێشەوە و بە دواوە، لە (١ـ ١٠٠) بژمێرێت. لە تەمەنی دوو ساڵ و نیویشدا، بە پێنج زمانی جیاواز، تا ژمارە (١٠٠) ی دەژمارد.
جاک ئارەزووی وێنەکێشانیشی هەیە. سەرسامی گوێگرتن و

ژنینی موزیکە. لەم دواییانەدا، فەری ژنینی پیانۆ بووە. یاریی شەترەنج دەکات. ئەلفوبێی یەنانی دەخوێنێت و فەری کەدی مەرس بووە. هەروەها شارەزایی لە فەرمووونی زمانی نوێ و لە بەکارهێنانی بیرکاری و لە چێشت لێنان هەیە. یاریی هەڵدانی کەلارە دەکات. زەریش نەرم و نیان و سەزدار و میهرەبان و خۆشەویستە. حەزی لە هاوبەشیکردنی یاریێکانە لەگەڵ منداڵانی دیکەدا. کجکەڵە و ئیرادەیکی بەهێزی هەیە و متمانە و بەوای بە تواناکانی خۆی هەیە و پشت بە خۆی دەبەستێت.
رەزی دایکی دەڵێت:" زەر شانازی بە جەزفەوە دەکەم. کەسێکی نایاب و راستقینەیە و دڵ گەورەیە و رووخۆش و هەستێکی نوکتەیی نایابی هەیە".

(*) بە ئەم نووسینە، سوودم لە چەندین سایتی ئینگلیزی وەرگرتووە.
نەرویج: ٢٠٢٥

ونبونی تۆ و هاتنی جەنگ و شتی تر.. نەوزاد بەندی

خێت وون کرد ..ئازیز!
من هەشتا وا ئەزانم چاوشارکێیە..
ئەمم لە پێ دەرئەکەوتێوە،
ئەمە بڕچی بەم نەگەمەای؟
بڕچی نەتپرسی لە کوێیە؟

ئەموت : لە پەا دێت و
ئەمە کامەرای شاراوە بوو ..
ئەو هەموو ڕەژ و شەو و مانگە ،
لە کەتایی کەانکان ..
لە پەاوەزی لاپەکان ..
لە قاوەخانەیکی چەی مەسنجەر،

وەک ئەوەی هەیحانێ،
چاوم کراوە بوو ..
ئەمووت هەر ئێستا نا ،
تاوێکی تر دێت و
لە پشتەوە چاوم ئێگرێ ..
ئەڵێ چۆنە زیندوویت؟
ئەمووت بە بە من ئەمرێ ..
هەر نەهاتی .. نێ ..

دەخەش بووم، ووتم :
ئێستا لە کێناراوێکی ئەوروپا
لەگەڵ نەورەسکا
مشت و مێیانێ ..
ووتم : قەینا .. کێ هاتوە،
هەموو شتێکی بە باس ئێکەم ..
باسی میللەتێ،
هەموو کاتێ مەوسیمی
کوشت و بڕیانێ ..
نەهاتیتەوە .. نێ ..
بەڵام من واز لە نیازپاکیی ناهێنم ،
ئەڵێم ئێستا لەگەڵ زنجیرەیەکی فارسی
لەگەڵ موحسین چاوشی
سەرقاڵی گریانێ

من قەیناکا ..
بەڵام کێ تێ گەیشتی،
کوپێ قاوێ تێنیایی ێشتی ..
من قەیناکا ..
بەڵام کێ تێ وون بووی،
کزێبای وێشت،
خەڵک لە گەرما، کوشتی ..
من قەیناکا ،
هەر چۆنێ بێ خەم ئەخەڵتنم ،
ئەڵێم دەتەوێ ..
بەڵام کێ دیار نەمای ،
یەکێک لە دوو کورسی مەزەکێ،
شکا پشتی ..

من قەیناکا ...

جەنگ دەتەوێ و ..
وەک شەرپەنجە،
هەموو شوێنێ ئەگرەتەوە ..
هەرچی میهەریمان هەیە ئەیسەتەوە ..
ئەو چەند کەپلەیە ئەنوسم،
بۆ ئەوەی ئەگەر جەردەکان نەیانکوشتی ، هەژە بە هەکەوت بێنە لات ..
چیرەکەکت بیر بێتەوە ..
مەهە ئەی تۆ ...!

من لەیەکەم خولی یاری برا کوژیی،
ناوبژیوان به کارتی سوور ،
وا کوشتمی،
یەک پارچەم کەنەکرێتەوە ..
مەهە ئەی تۆ ...
مەهە .. ئازیز ..

کاتژمێر و مەیلەکانتان بخەنە سەر کاتی جەنگ ..
من لەناو جەرەها هەزی
ئاوەدە به بەنی نەوت و گاز و دۆلار ..
هەناسەیەکی سارد هەئەمژم ..
سارد وەکو تۆ ..
ئەهەم ئەبێ ،
لە چ پەنایەکا خەتت حەشار دابێ ئەمە ..
وەک مناڵە لەناو بازاڕ،
له دایک و باوکی وون بووبێ..
هەواڵت له پەستاڵیش ئەپرسم ..
زەوی لە ئەمە نائومێد ..
سەیرەکی ئاسمان ئەکات و ..
داوای بارانەکی ڕەحمەت،
ئەخاتە سەر مەزەکەی و ..
ئەهە تکایە .. بە پەلە ..
کوللە و گوللە و خەڵە ئەبارن ..
لە دار و پەردوویەکەوە،
گوەم لە هەمایەنێ ئەهە :
(چرا رفتی چرا، من بی قرارم)
وەکو ئەویش

بۆ دواتا بگەڕێ، ئازیز..

گرنگ نییە بتبینمەوە ،
یان نا ..هەرگیز..
گرنگ ئەوەیە فیشەک
ووشەی نهێنی دەروازەی
دڵی تۆ نەدۆزێتەوە ..
گرنگ ئەوەیە تۆ نەمریت ..
مەڕۆ ئەی تۆ ..
مەڕۆ ئازیز..
من لە مەژۆ ....

غەزەلی ژمارە ١٩/لەدیوانی حافزی شیرازی.. وەرگێڕانی لەفارسییەوە شەهلا نوری

ئەی بای سەحەری
ئارامگای یار لەکوێیە؟
مەنزڵی ئەو مانگە عاشق کوژە ءەییارە لە کوێیە؟
شەو تاریکە و
وادی ئەیمەن ڕێگەمە
ئاگری تووڕ کوا ، وادەی دیدار لەکوێیە؟
هەر کەسێک هاتە دونیاوە
نەخشی وەرانی هەیە
لە خەرابات بپرسە
کە هوشیار لەکوێیە؟
ئەو کەسە ئەهلی موژدەیە
بە ئاماژە دزانە ،
ڕاز زەرە و مەحرەمی نهێنی لەکوێیە؟
هەر چێی موویەکم بە داوت هەزاران کارە
ئەمە لە کوێین و

ملامەتگەری بەکار لەکوێیە؟
دووبارە بپرسە لە
زوهفی گرێگرە
کە ئەم دڵی غەمزەدە ، سەرگەشتە و گرفتارە لەکوێیە؟
ئەقڵ دەوانە بوو
ئەو زنجیرەی مشکینە کوا؟
دە تەراوێ ، گۆشەی گرتوە
ئەبرەی دڵدار لەکوێیە؟
ساقی و موتریب و مەی
هەموو ئامادەن
بەبام ژین بە یار جگر نابە یار لەکوێیە؟
حافز بە بای خەزان لەنەو باخی ڕۆژگار مەرنجە
بیرە ماقووە بفەرموو
گوڵە بە خار لەکوێیە ؟

غەزەلی ژمارە ١٩
لە دیوانی حافزی شیرازی
وەرگێڕانی لەفارسییەوە شەهلا نوری